شاخەوان عەبدوڵڵا: خەڵکی کەرکووک دەتوانن بە دەنگەکانیان دەخی شارەکە بگۆڕن

جەگری سەرەکی پەرلەمانی عێراق رایگەیاند، بەشداری کەرکووکییەکان لە پرۆسەی دەنگدان گرنگە و خەڵکی کەرکووک دەتوانن بە دەنگەکانیان دەخی شارەکە بگۆڕن.

شاخەوان عەبدوڵڵا، جەگری سەرەکی پەرلەمانی عێراق لە کۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە کەرکووک، گوتی: "زۆر گرنگە ئەمە خەڵکی کەرکووک بێنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و بە دەنگەکانیان ناسنامەی شارەکە بپارێزن، ئەمە دەنگەکانی ئێوان هیچ کەمتر نییە لەو گوللانەی رووبەڕووی داعش دەمان تەقاند، زۆر گرنگە هەموومان بەشداری بکەین".

گوتیشی: "ڕێنگە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق یەک کورسی جیاوازییەکی زۆر نەبێت، بەڵام بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا کاریگەری زۆر و ڕێنگە هاوکەشەکە بگۆڕێ".

شاخەوان عەبدوڵڵا، راشیگەیاند: "لە رابردوودا خەڵکی کەرکووک کەشێی زۆریان هەبووە، کاتی ئێوە خەڵکی شارەکە ئێو دەخە سەپێنراوەی شارەکە بە دەنگەکانیان بیگۆڕن".

راشیگەیاند: "هەشتا کات زەر ماوە هاووەاتییانی کەرکووک لە هەر شار و شارۆچکەیەک بن دەتوان بەن دەنگ بدەن، پەویستە هەموو ئەو گەلییانەی هەمانە ئەمە بەلاوەی بنەینین، دەنگدانی ئەمە زەر گرنگە".

سەبارەت بە کەشەی ئامەرەکانی دەنگدان، شاخەوان عەبدوڵا، گوتی: "دەنیایی دراوە ئەوەی لە هەلبژاردنی تایبەت رووویدا دووبارە نەبەتەوە، کەمسیۆن بە نووسراوی فەرمی ئەوەی بەی ناردوین کە ئەو کەمپانیایەی ئامەرەکانی دروستکردووە، کەشکە چارەسەر کردووە، ئەمەش بە نووسراوی فەرمی کەمسیۆنمان خستووەتە ژەر بەرپرسیاریەت بە ئەوەی هەڵەکانی پشیتر دووبارە نەبنەوە".

جەختیکردەوە: "دەنگی خەڵکی کەرکووک دەتوانەت دەخی شارەکە بگەڕەت، ئومەد دەکەین پارەزگارەکی خەمخەری شارەکە دابنرەت کە بە یەک چاو سەیری هەمووان بکات و ئەو ناعەدالەتییەی کە لە رابردوو هەبووە نەیهەڵەت".

ئەوەشی خستەڕوو: "ئەگەر کورد توانی نیوەی دەنگەکانی ئەنجومەن مسگەر بکات، ئەوکات دەتوانن لەنەوان خەیان کوردەکی دەسز و پاک بە پارەزگار کاندید بکەن".